# دەستێکی سپی بۆ کیشوەری ڕەش

## ژیان و بیرەوەرییەکانی د. عەبدولڕەحمان سمێت




هێمن عومەر خۆشناو



# دەستێکی سپی

# بۆ کیشوەری ڕەش

**دەستێکی سپی بۆ کیشوەری ڕەش**

**ژیان و بیرەوەرییەکانی د. (عەبدوڵرەحمان سمێت)**

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی:** هێمن عومەر خۆشناو

**پیتچنی:** خودی نووسەر

**هەڵەگری:** خودی نووسەر

**نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە:** بێدار ئەحمەد

**نیگاری (س**

**یەکەم چاپ**

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (؟؟؟)ی ساڵی (2016)ی پێدراوە.**

کتێبەکانی گۆڤاری (**ئاونگ**)/ ژمارە **8**

هەرێمی کوردستانی عێراق- هەولێر

**ژ. مۆبایل:** 0750 465 38 23

**ئیمەیڵ:** *awngnet@yahoo.com*

© **مافی چاپ**

**گشت مافێکی پارێزراوە. بێ مۆڵەتی نووسراو، کەس مافی بڵاو کردنەوەی تەواو یان بەشێکیی بە هەر جۆرێک (چاپ یان خستنە سەر پێگە ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ...هتد) نییە. بە ئاماژە پێدانێکی ڕوون پێی، دەکرێ وەک سەرچاوە لە نووسیندا سوودی لێ وەربگیرێ. سەرپێچیکار ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەکرێتەوە.**

# پێشەکی

چەند ساڵێک لەمەوبەر لە ڕێی چەند ماڵپەڕێکی عارەبی، عەبدولرەحمان سمێت (1948- 2013ز)م ناسی، هەر کە کتێبەکەی (د.رسمية شميسو)شم لەبارەی ئەم پیاوە دەخوێندەوە و دیدارەکانیم لە ئینتەرنێت چاو لێدەکرد، پیاو بە دەست خۆی نەبوو، خۆی لەبەر دڵ دەکەوت، لەبەر دڵ کەوتنەکە لەلایەک و سەرسام بوونیش بەو باوەڕ و ویست و ویژدانەی کە سی ساڵی ڕەبەق دکتۆرێک نەخۆشخانە و بڕوانامە و خەڵک و کەس و کار و وڵاتی خۆی جێ دێلێت و بەرەو ئەفریقا مل بە ڕێگایێ وەدەنێ لەلایەکی تر. ئامانجێک دوور دوور، مرازێک وەک شاخان بەرز و چەشنی بەردان ڕەق، بەڵام لە بن دەستی باوەڕ و ویستەوە دەبێتە هەویر و بە ئاوی ویژدان و باوەڕەوە نانێکی لێ دروست دەکات و ملیۆنان ئەفریقایی پێ تێر دەکات. سروەیەکە لە باخەڵی سومێتەوە هەڵدەکات و تەوێڵ و ڕووی بە ئارەقە و ئاگرینی نەفامی و نەزانی و برسییەتی فێنک دەکاتەوە و دەبێتە چرایەک و شەوەزەنگی تاریکایی دەیان وڵات دەکاتە مانگەشەو.

ئەزموونی ئەم زاتە نیشانی هەموو دونیا دەدات، کە ئیدی ئەگەر مرۆ لە ناخەوە گەورە بوو، ئامانجی گەورەشی دەبێت، دەتوانێ زللەی گەورە بسرەوێنێتە بنا گوێی هەموو بەربەستەکان و ئەمسەر و ئەوسەری دونیا بگۆڕێت و لە یەکەوە ببێتە ملیۆنان و هەموو هەورازەکان سەرەو لێژ بکاتەوە و دڵەڕەقەکان نەرم بکات و مرۆڤانە لە خەمی مرۆڤایەتی بێت و وەک مۆم بۆیان بتوێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە ژیان و بەسەرهاتەکانی وانەیەکی گەورەن بۆ ئەوانەی دەستەوئەژنۆ

لیٚ کەوتوون و بە تەمای خودا وازیـان لـە خۆیـان و لـە هـەموو شتیٚ هیٚناوە و بـە نائومیٚـدی چـاوەڕیٚی مـردن دەکـەن، بـەڵام مردنی سەربەرزانە لیٚرەیە، ئەو کاتەی بە بیرە نەرم و نیـان و داناییەکەی گیانی ملیۆنان ئەفریقایی لە مردن ڕزگار دەکـات و بیٚ جیاوازیی ئایین و نەتەوە و ڕەنگ، دەستی سپی و میهرەبانی بەسەر سـەری هـەموویان دادەهیٚنیٚـت. ئـەو دەمـەی وڵاتـانی بانگەشـەکەری مـافی مـرۆڤ، ملیۆنـان تـەن گـەنم بـۆ خـاتری هاوسەنگی نرخ فڕیٚ دەدەنە دەریا و ئەو وەختـەی مرۆڤایـەتی لە بەرامبەر مردنی بە کۆمەڵی بیابانشینانی ئەفریقادا خۆی لە خەو بـردووە و قـەلاقوپ لیٚـی کـڕ کـەوتووە، عەبـدولرەحمان سمیٚت شەو و ڕۆژ لیٚک گریٚ دەدات و دەیسـەلمیٚنیٚت کـە بـە تاقی تەنیٚ دەبیٚت بە هانای ملیۆنان کەسەوە بچیٚت.

جا ئەوەی لەبەر دەستت دایـە، ئامـادەکردن و وەرگیٚڕانـی بەشیٚک لە بەسەرهات و چیرۆکی ڕاستەقینەی ڕۆژانی سـەختی ئەفریقایە، لەو کتیٚب و وتارو نووسین و ڤیدیۆیانەی لـەبارەی د.عەبدولرەحمانەوە ئامادەکراون. ئەوەیشی لەبارەی ئەم زاتە نووسراوە، زۆربەیان هەڵیٚنجراوی دیدار و چاوپیٚکەوتنەکانییەتی لەگەڵ ڕۆژنامە گۆڤار و تەلەفزیۆنەکان، ئەگەرنا پیٚشتر هـەوڵ دراوە بـە تیٚـر و تەسـەلی و بـە ئاگـاداری نـاوبراو لەسـەر ژیاننامەکەی بنووسریٚت بەڵام ئەو گوتویـەتی: ئاسـوودە نـابم خۆم لە ژیان بم و خەڵک لەبارەم بنووسیٚت، شـەرم لـە خـودا دەکەم خۆم سەربردەی خۆم بنووسمەوە!

جا لە د.عەبدولرەحمانەوە لیٚبڕاوی و خـەبات و قوربانیـدان و، لە من و ئیٚوەش دەرس و پەند لیٚوەرگرتنی.

هێمن.ع.خۆشناو
شەقلاوە 2016/4/16

پێڕست:

پێشەکیی وەرگێڕ
دکتۆر عەبدولرەحمان سومێت
لەدایك بوون و گەورەبوونی...
بانگخواز دایکی سوهەیب
سوارچاکێکی کاری خێرخوازی...
سەرەتاکانی لە ئەفریقا
پەیامێك لە مەدەغەشقەرەوە
کۆمەڵەی یارمەتیدانی ڕاستەوخۆ
گۆڤاری (الکوثر)
بەسەرهاتەکانی ژان و قوربانیدان
بەسەرهاتەکانی ناوجەرگەی بانگەواز
ئەفریقا
گرانی و قات و قڕی ئەفریقا
لەویێ لەگەڵیانە
چپەیەك بە گوێی مسوڵمانان دا.....
هەندێ لە وتەکانی د.عەبدولرەحمان سومێت....
هیوا زۆر و متمانە بە خوا زۆرتر....
کۆچی دوایی.....
فەرهەنگۆك
پێرست..........